وەزیری رۆشنبیری میسر پێشوازی لە وەزیری رۆشنبیری و وەزیری خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات

قاهیرە تایبەت بە هەرێمی کوردستان:

رۆژی یەکشەمە ٢٠٠٩/١/٢٥، بەڕێزان د. ئیدریس هادی سالح وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی وەزارەتی رۆشنبیری کۆماری میسریان کرد و لەلایەن بەڕێز فاروق حوسنی وەزیری رۆشنبیری ئەو وڵاتە پێشوازییان لێ کرا.

لە دیدارێکدا کە بەڕێز فەخری کەریم گەورە راوێژکاری سەرۆک کۆماری عێراقی فیدرال ئامادەی بوو، شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان تیشکیان خستە سەر هەلومەرجی خوێندنی باڵا و رەوشی رۆشنبیری و هونەری کوردستان و پێشنیاری هەماهەنگی و هاوکارییان کرد بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا و رۆشنبیری نێوان میسر و هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە بواری سینەما و هونەر و شانۆ، بۆ ئەم مەبەستەش وابڕیارە دیدار و کۆبوونەوەی دیکە لە نێوان هەردوولا ئەنجام بدرێت و بەردەوامی پێ بدرێت.

لەلای خۆیەوە وەزیری رۆشنبیری میسر بەبایەخەوە رووانیبە پێشخستنی پەیوەندی نێوان هەردوولا بە ئامانجی خزمەتکردنی گەلانی عێراق و میسر تاکو دۆستایەتی نێوان کورد و عەرەب پتەوتر بێت.

شایانی باسە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ قاهیرە و هەوڵدان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان حکومەتی کوردستان و قاهیرە چەندین دیداری گرنگی ئەنجام دا کە پەیوەستە بە باری رۆشنبیری و پەروەردەیی و هەوڵدان بۆ زیاتر دروستکردنی ئەو پەیوەندییانە و دروست بوونی پردی نوێ لە نێوان کورد و گەلی میسر کە بەچاوی رێز لە کەلتووری کورد دەڕوانێت و شاندەکە چاوی بە چەندین کەسایەتی بەرچاوی ئەو وڵاتە کەوت.

لە ژمارەی داهاتوو راپۆرتێک لەبارەی بایەخی ئەم سەردانە بڵاودەکەینەوە.

پرسەنامەی وەزیری رۆشنبیری بۆ بەڕێز فەوزی هەریری

بەداخوپەژارەوە، هەواڵی مەرگی مامی بەڕێزتانم پێگەیشت کە مایەی کەسەرێکی زۆربوو بۆ هەموومان، پرسەی گەرمی خۆمتان ئاراستە دەکەم و هیوام وایە کە ئەمە دواکۆستی خێزانە بەڕێزەکەتان بێت و هەر بژین.

قاهیرە- فەلەکەدین کاکەیی
وەزیری رۆشنبیری